# دەست تێوەردانی ڕژیم لە کێشەی دەسەڵات لە لوبنان دا

ساڕۆ



له دوای تڕۆر کردنی فرانسو الحاج فەرماندەی عەمەلیاتی هێزی سەربازی لوبنان لە ٢١ی سەرماوەزدا، کێشه لە لوبنان چووه هەل و مەرجێکی نالەبارتر، ئەگەر چی لایەنه ناکۆکەکانه له لوبنان لەوه نزیك ببوونەوه که سەرۆك کۆماری ئەو وەڵاته هەڵبژێرن که پەسەندی هەمووان بێ، بەڵام به کردەوەی تڕۆریستی ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی دیسامبر وەزع ئاڵۆزتر لە هەر کاتێکی دیکە دەبێ.

ئەوەی جێگەی سەرنجه له، ڕووداوه تڕۆریستیانەی لوبنان، ئەوەیه کە کردەوه تڕۆریستیەکان زیاتر بەرانبەر ئەو کەس و لایەنانه دەکرێ که موخالف و نەیاری دەست تێوەردانەکانی ڕژیمی ئاخوندی و ڕژیمی سوریه لەو وەڵاتەدان.

تڕۆر کردنی ڕەفیق حەریری سەرۆك وەزیران و کەسایەتی دیار و نەیاری دەست تێوەردانەکانی ڕژیمی سوریه و ڕژیمی ئێران تڕۆری (جەبران توینی) ڕۆژنامه نووسی ناودار و ئەندامی پەرلەمانی لوبنان که نەیاری ڕژیمی ئاخوندی و سووریه بوو، هەروەها تڕۆری ئانتوان غانم ئەندامی پارلەمانی لوبنان که ناوبراویش، دژی هەر نەوعه دەست تێوەردانی ڕژیمی ئاخوندی و ڕژیمی سوریه بوو، له تێکڕای ئەو تڕۆرانەدا قامکی تاوان بۆ لای ڕژیمی سوریه و ڕژیمی ئێران درێژ کراوه.

ڕەنگه هێندێ کەس هەبن ماف بدەن به سوریه له کار و باری لوبنان دا دەخاڵەت بکا، به تایبەت که ئەو دەوڵەته له مێژ ساڵه له لوبنان پێگەی سەربازی و ئەمنیەتی هەبوه و سەرمایەگوزاری له سەر لوبنان و داهاتووی کردوەو له هەمان کاتدا سنووریان پێکەوەیه و ساڵانێك به یەك خاك و وەڵات ژمێردراون. بەڵام بۆ دەستێوەردانەکانی ڕژیمی ئاخوندی له لوبنان و ناردنی پاسدار بۆ ئەو وەڵاته هیچ بیانووێك نیه، و جێگەی قەبووڵی کەس نیه.

دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی باس له یارمەتی بۆ لوبنان و لایەنەکانی ئەو وەڵاته دەکەن، که یارمەتیەکەیان بۆ حیزب اللەی لوبنانەو ئەوەی ڕژیمی ئاخوندی هەوڵی بۆ دەدا، دەست تێوەردانی زیاتر له کاروباری ئەو وەڵاته له ڕێی حیزب الله و وەرگرتنی پله و دەسەڵاتی زیاتر بۆ لایەنگرانی خۆیەتی.

شك لەوەدا نیه ڕژیمی ئێران و ڕژیمی سوریه، هەر نەوعه سەقامگیری و هێمنایەتیێك له لوبنان به زیان بۆ خۆیان دەبینن و به دامەزراوی له لوبنان سیاسەت و ئامانجەکانیان دەکەوێته مەترسیەوه. له دوای سەقامگیر بوونی ئاسایش و دامەزراوی له لوبنان دا، تێکڕای لوبنانیەکان به نەتەوه و مەزهەب و بۆ چوونەکان ڕێگری دەکەن له هەر نەوعه دەخالەت و دەست تێوەردانێکی ڕژیمەکانی سوریه و ئێران، هەر بۆیه ئەو دوو ڕژیمه به جیددی هەوڵ دەدەن ڕێگری بکەن له دامەزراوی لەو وەڵاتەداو ئاشتی و پێکەوه ژیانی نەتەوەو، دین و مەزهەبەکان.

کردەوەی تڕۆریستی ئەم دواییەش که کوژرانی فرانسوا الحاجی به دواوه بوو له هەل و مەرجێکدا بوو که لایەنەکانی لوبنانی نزیك بوونەوه له ڕێکەوتن له سەر دیاری کردنی (میشێل سلێمان) سەرۆك ئەرکانی لوبنان بۆ سەرۆك کۆماری ئەو وەڵاته، بێ گوومان دیاری کردنی میشێل سلێمان به سەرۆك کۆماری لوبنان به قازانجی ڕژیمی سوریه و ڕژیمی ئاخوندی نابێ، چونکه میشێل سلێمان، لەگەڵ ئەوەی فەرماندەیێکی سەربازیه و کەسایەتییێکی میانەڕەوه، بەڵام هیچ کات ڕای له سەر دەست تێوەردانی ڕژیمی ئاخوندی و ڕژیمی سوریه نیه.

ئەوەی جێگەی داخه کردەوەی تڕۆریستی ئەم دواییه که کوژرانی فرانسوا الحاج ی به دواوه بوو، وەزع له لوبناندا ئاڵۆزتر دەکا و دوور نیه، جارێکی دیکه شەڕی ناوخۆیی و تایفەیی لەو وەڵاته دا درووست بێت، که ئەوه هەڕەشه دەکا له وەزعی ناوچەکه به تێکڕا.

# باشترین نووسەرانی فستیواڵی پێشبرکێی گەورەی ووتار و کورته چیرۆکی کوردستان به ناونیشانی خووگرتن به ماده سرکەرەکان،

به پێی ڕاپۆرتی هەواڵ له دەفتەری ئەم فستیواڵەوه، له دوای کۆتایی هاتنی مۆڵەتی دیاریکراو ٦٠ بەرهەم له بەشی ووتار و ٢٥٠ بەرهەم له بەشی کورته چیرۆك گەیشتنه دەفتەر و دەبیرخانەی ئەم فستیواڵه. بانگەوازی بەشداریکردن له پێشبرکێی گەورەی ووتار و کورته چیرۆکی کوردستان به بابەتی خووگرتن به ماده سرکەرەکان و ڕێگاکانی پێشگرتن لێی، له مانگی جۆزەردانی ١٣٨٦ ڕاگەیندرا که پێشوازییێکی باشی لێکرا و دوو جاریش ماوەی ناردنی بەرهەمەکان درێژکرایەوه. به تایبەت له بەشی کورته چیرۆکدا لەلایەن ئەدیبان و نووسەرانەوه بەرهەم گەلێکی یەکجار زۆر و بەنرخ بۆ ئەم پێشبرکێیه نێردرا. ئەندامانی لێژنەی ناوبژیوانی ئەم فستیواڵه پێکهاتبوون له دەستەییێکی ٥ کەسی له کارناسان و پسپۆرانی ئەدەبیاتی چیرۆکی و توێژەرانی ئوستانی کوردستان که کاری ناوبژیوانی بەرهەمەکانیان به ئەنجام گەیاند. لێژنەکه له ڕۆژی کۆتایی فستیواڵەکەدا باشترین نووسەران و سەرکەوتووانی ئەم پێشبرکێیەی دیاری کرد و لەوحەی ڕێزلێنان و خەڵاتەکانی فستیواڵەکەیان پێ بەخشرا.



بەم شێوەیه: له بەشی ووتاردا باشترین نووسەرۆان بریتی بوون له:

یەکەم: حەبیبوڵا حەسەن زاده به ووتارێك به ناونیشانی ڕۆڵی هونەر له پێشگری بۆ خووگرتن به ماده سرکەرەکان.

دووهەم: شەهلا ئیبراهیمی به ووتارێك به ناونیشانی ڕۆڵی هونەر و هونەرمەند له ڕووبەڕوو بوونەوه لەگەڵ دیاردەی دزێوی ئیعتیاد.

سێهەم: ڕەزا حەسەن زاده ئامولی به ووتارێك به ناونیشانی ڕۆڵی هونەر له گیرۆده بوون. له بەشی کورته چیرۆکدا باشترین نووسەرانی ئەم پێشبرکێیه بریتی بوون له:

یەکەم: جەلال مەلیکشا به چیرۆکی سەگی ژیان خۆر.

دووهەم: سەلیم کەریمی به چیرۆکی بیرەوەری.

سێهەم: ئازەر نووری به چیرۆکی ئەگەر لەگەڵت بدوێم.

چوارەم: شیلان دێهزەنی به چیرۆکی بەهەستی تاڵ.

پێنجەم: زارا محەممەدی به چیرۆکی گوڵەکانی مرداو هێشتا تینوون.

شەشەم: شکۆفه محەممەدی به چیرۆکی یادگاری سووتاو.

حەوتەم: شەهلا جەعفەری به چیرۆکی زوغاڵ.

هەشتەم: چیمەن خۆشنما بەهرامی به چیرۆکی عەتری یاس.

نوهەم: ئەفسانه ناسری به چیرۆکی بەهاسانی فیتوو لێدانێك.

جێگەی باسه ئەم فستیواڵه لەلایەن ناوەندی هونەری ئوستانی کوردستان بەڕێوه چوو. ئەم ناوەنده له داهاتوویێکی نزیکدا ئەو بەرهەمانەی که گەیشتوونەته دەفتەر و دەبیرخانەی ئەم فستیواڵه، له چوارچێوەی ٢ کۆمەڵه بەرهەمی چیرۆك و ووتاردا چاپ دەکات.

***

# ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز یادی خەباتی چینی دانشجویه له ئێران

ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژێکی مێژوویی و پڕبایەخه له دێڕی موبارزاتی چینی خوێنکار له ئێران دا. ئەو ڕوژه ئەگەرچی دەگەرێتەوه بۆ ٥٤سال بەر لەئێستا، بەڵام به تێپەرینی زەمان و بەرەوپێش چوونی فیکری ئازادیخوازی و هەول دان بۆ پێکهاته شکێنی، ساڵ لەدوای ساڵ تەوژمی موبارەزەی دانشجویان لەدژی استبدادوسەرەڕۆیی گەشەی کردوه به جوریك که بوونەته سەر قافڵەی راپەریوانی دژ به دەسەلاتی توتالیتەو بوروکراسی. ساڵی ١٣٣٢،ڕژیمی پاشایەتی فەرمانی به پاریزەرەکانیدا که سەروەری زانستگاتیك بدەن و بەهێرشی پاکتاوکردنی بیری مودیرنیته کوتای به نه یارانی بێنێ. له ئاکامی ئەو هێرشه بەرینەدا سێ خویندکار بوونه قوربانی و بەکوژرانی ئەو سێ کەسیه پەڵەیێکی دیکه کەوته تەوێڵی ڕژیمی پاشایەتی و هاوکات گوڕ بەڕەوتی ئازادیخوازی خوێندکار درا و ڕۆژێکی مێژویی وەك ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی لێکەوتەوه کەوا ئێستا٥٤ ساڵه یاد دەکریتەوه و فیداکاری و قوربانیانی ئەو روداوه بەرزو بەڕیز دەنرخیندرین. به هاتنه سەرکاری رژیمی ئاخوندی، شێوەی خەباتی دانشجویی له ئێران چووه قالبیکی بەرینترەوه و به پێك هێنانی فەزای دەمبەست له زانستگاکان دا، جوولەی خوێندکاری گەشه و نمایێکی دیکەی به خۆوه بینی. رژیمی ئاخوندی به پیاده کردنی شورشی فەرهەنگی له زانستگادا، زوریك له ماموستایانی ئازادیخوازای وەدەرناو زیندان و تەنانەت ئێعدامیشی کردن. جلوبەرگی بۆخویندکار دیاری کردو وبه زوری نیزه وگۆپاڵو شکەنجه هەولی دا زانستگا له ڕێچکەی پیرۆزی لابدا و بیخاته سەر ڕێگەیێك که ئاخوندانی له سەرن. بەڵام لەگەڵ ئەو گشته پیلان و برنامه ریژیه بۆ له رێ لادانی زانستگاکانی ئێران، زانستگا وەك سەنگەری ئازادیخوازی و مەکۆی خەبات له دژی فێندەمنتالیزم مایەوه وسەرباری ئەوگشته فشاره، لەکلّ هاتنەوەدەرو جاریکی دیکەش بوونەوه سەرقافلەی راپەریوانی دژ به دەسەلاتی داخرا و دیکتاتور. هەژدەی پووشپەری ١٣٧٨ ڕقی پیروز و پەنگ خواردوی دانشجویانی زانستگای تاران له بەرەی دەسەڵاتی جەهل دا تەقیەوه و گەورەترو بەرینتر جاریکی دیکه لەو ڕۆژەدا میژوو دوباره بۆوه . هاوارونارەتەی کچان و کوڕانی دانشجو، گویی ئیستبدادی کەڕ دەکرد، به جوریك که زنجیری خوپیشان دانی خەلکی ئاسایی و خوێندکار تێکەڵ به یەك بوو، که له بەرانبەردا چۆکیان به سەرانی رژیم داداو وخامنەیی ریبەری رژیمیان هێنایه ئاخاوتنی ناچاری.

له سەرەتای ئەم ساڵی نویی خوێندنەش دا، وەزارەتی ئیتلاعاتی و باقی دەزگا سەر کوتکەرەکانی رژیم بڕیاریان دا که شیوەیێکی دیکه له سەرکوت بۆ مەهارکردنی خەباتی ئازادیخوازان دانشجویان بدوزنەوه و به ناو بەشورشێکی دیکەی فەرهەنگی بەربەست بۆ جوڵانەوەی خوێندکاران دروست بکەن. لەو پێوەندیەدا دەستیان کرد به دەرکردنی دانشجویانی ئەستیرەدار و هێندێك له ئەساتیدی زانستگاکانیشیان به دانشجویانەوه وەدەرنرا. هەروەها هێندێکی له سەرکوتگەرەکان ڕەوانەی زانستگاکان کرد و به شکەنجه و دیاری کردنی حوکمی زیندانی درێژماوه بۆ خویندکاران، که ئەوانه بەشێك له پیلانی رژیم بۆ سەرکوتی سەنگەری ئازادی و شورش بوو، که له سەرتای ساڵی نوێی خوێندندا که بۆ دانشجویان داڕێژرا بوو. بەڵام هەر له سەرەتای ساڵی نوێی خوێندن دا جوڵانەوەی دانیشجویی وەڵامی دادان شکێنی به پیلانەکانی رژیم دایەوه و زانستگاکان نیشانیان دایەوه که رژیمی ئاخوندی بچوك تر له وەیه که بتوانێ جوڵانەوەی خەڵك و هەنگاوی پێشکەوتوانەی زانستگاکان مەهار و سەرکوت بکات.

بەچاو خشاندنێك به سەر جوڵانەوەکانی ئیعترازی دانشجویی که به شیعاری مردن بۆ دیکتاتۆر ئەحمەدی نژاد دەستی پێکرد ئەو راستیه باشتر دەردەکەوێ که تەوژمی ئەو حەرەکەته گەورەیه ڕوله زیاد بوونه و هیچ بەربەرەکانییێك ناتوانێ ڕێگه به ڕەوتی بەرەوپیش چوونی ئازادیخوازی خوێندکارانی ئێران به تیکراو و کوردستان به تایبەتی بکرێ. ئەحمەدی نژاد ماوەییێك بەر له ئێستا سەردانی زانستگای تارانی کرد که سەفەرەکەی بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەزەوه ڕێکخستبووه دانیشجویان به شیعاری مردن بۆ دیکتاتۆر ئەحمەدی نژادی پینووشه، ئێران نابێته شیلی، دانشجویی زیندانی ئەبێ ئازاد بکرێ و شکەنجەی دانشجو مەحکومه، شەرم له خۆت بکه و خەڵك رزگاربکه و ئەم دەسەلاتەمان ناهەوێ و پۆلیسی به کرێگیراومان ناوێ و ئەحمەدی نژاد هۆی جیاوازیدانان و فەسادە، پێشوازیان لێکرد. ڕۆژی ٨ی خەزەلوەریش، زیاتر له یەك هەزار کەس له دانشجویانی زانستگای عەلامەی تەباتەبایی تاران دەستیان کرد به تەزاهورات و به شیعاری مردن بۆ دیکتاتور و دانشجو حارزی راپەرینه، لاپەرەیێکی دیکەی زێڕینیان به خەباتی خوێندکاری زیاد کرد.

نارەزایەتی دانیشجویانی زانستگای کوردستان سەبارەت به چاودیری توندی هێزەکانی وەزارەتی ئیتلاعات له سەریان، نارەزایەتی دانیشجویانی شاهرود سەبارەت به حوکمی سەرکوتکەرانه و دەرکردنی حوکمی بێ بەش بوون له خوێندن، نارەزایەتی دانیشجویانی شاری کورد له دژی هەنگاوه سەرکوتکەرئەکانی به مەبەستی بەرگرتن له هەلسورانی دانیشجویانی ئەمیرکەبیری تاران .

نارەزایەتی کچانی خوێندکاری پوڵی تەکنیك و بانگکردنی ٨ کەس لەوان بۆ کومیتەی ئینزباتی.

نارەزایەتی دانیشجویانی پولی تەکنیك له ٢٥و٢٨ رەزبەر بەنیشانەی حوکمی ناعادیلانه دەرکراو لەلایەن دادگای رژیم له دژی دانیشجویانی زیندانی ئەو زانستگایه. مانگرتن له خواردنی دانیشجویان له زانستگای گیلان، کۆبونەوەی دانشجویانی شاهرود له مەڕ دەرکردنی حوکمی ئینزباتی، راگەێنێدراوی ئەنجومەنی ئیسلامی دانشکەدەی بەرێوەبەریی زانستگای تاران له مەڕ زیندانی کرانی ٣ دانشجوی ئەمیرکەبیر، تۆمارکردنی هەزاران واژوی دانشجویانی عەلامه و داواکردنی ئەوان بۆ دەرکردنی سەرۆکی ئەو زانستگایه، راگەێنێدراوی کۆمیتەی ئیسلامی دانشجویانی زانستگای سەنعەتی شەریف بەنیشانەی نارەزایەتی سەبارەت به دەرکردنی حوکمی زیندان بۆ دانیشجویانی ئەمیر کەبیر، تەحەسونی سینفی دانیشجویانی زانستگای بارهێنانی موعەلیمی سەبزەوار، راگەێندراوی ئەنجومەنی ئیسلامی دانشکەدەی ئابوری زانستگای سیستان و بلوچستان سەبارەت به دەرکردنی ئەساتید و دانشجویان، راگەێندراوی کۆمیتەی ئیسلامی دانیشجویانی زانستگای سەنعەتی شیراز سەبارەت به بانگکردنی هەڵسووراوانی دانیشجویی، نارەزایەتی کۆمیتەی ژنانی ئەنجومەنی ئیسلامی زانستگای عەلامه سەبارەت به تەجاوزی حەراسەت به حەریمی تایبەتی کچانی خوێندکار، به سەرنجدان به جموجوڵ و ئاخێز، نارەزایەتی توندی زانستگا له ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا له دژی سەرەرۆیی رژیمی دیکتاتۆر و ماف پێشیل گەر، بۆهەموو تاکێکی کومەڵگە دەردەکەوێ که لەگەڵ فشاری زۆر و له رادەبەدەری هێزه، ئەمنیەتی و داپڵۆسێنەرەکانی رژیم، دانیشجویان پێشەنگی خەباتی جەماوەری ئێرانن وتاسەرکەوتنی حەق وراستی به سەرتاریك پەرستی و ناعەدالەتی دا لەحزەییێك له موبارەزه هەدانادەن،

دووباره پیروزبێ ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی دانیشجوو